راگەیاندنی کوردی.. رەخنەو خۆبەتاڵکردنەوە

نوری بێخاڵی

ئەرك و پەیامی رەخنەو خستنەڕووی ئەلتەرناتیڤ و ڕێگا چارە لە راگەیاندن و کایەکانی بستێنەوە، ئەوا کایەو کاراکتەرەکانی هیچ ماناو بەهاو کاریگەرییەکیان نامێنێ، چونکە بەبێ بوون و فەراهەمکردنی زەمینەی ئازادی رەخنەگرتن لە دەسەڵات و ریتمی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، راگەیاندن ئەو بایەخ و رەنگدانەوەیە بەرچاوەی نابێت، کە پێویستە لە پرۆسەکانی گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ریفۆرم و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا بیگێڕێ. ئەوە خودی ئەو ئەرك و پەیامە بنەڕەتی و راستەقینەی رەخنەیە لە کاری راگەیاندن و گوتاری کاراکتەرەکانی، کە هاوکاری دەسەڵات دەکەن بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی و چارەسەرکردنی کەموکوڕی و راستکردنەوەی هەڵەکانی، هاوکات رۆڵ لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و قوڵکردنەوەی ئینتیماو هەستی بەرپرسیارێتی لای خەڵك دەبینن، هەموو ئەو ئەرکانەش لەوێدا بە روونی دەردەکەون، کە راگەیاندن و کائینەکانی چاوی رەخنەیان تیژو ئاسۆی بیرکردنەوەیان روونـاك و گەنجینەی پێشنیارو ئەلتەرناتیڤیان دەوڵەمەند بێت، بەڵام کام چاوی رەخنە؟

ئایا لە رەخندا تەنها بەسە قسە فڕێ بدەیت و شاباشی بوێری بکەیت؟ یان بە دیوێکی تردا چەمکی بوێری چەندە رەنگدانەوەی دیوە رەسەنەکەو پەیامی رەخنەیە؟ ئایا پرۆسەی رەخنە هێشتنەوەی پرسیارەکانە بەبێ وەڵام و تەنها تێکشکاندنی واقیعی باوە بەبێ بوونی پرۆژەیەك بۆ ئایندەکەی؟ بەڕاست بەبێ درك کردن بە چییەتی پێداویستییەکان و بوونی روئیایەکی جوانتر و پڕ بەخشش و بەرهەمەتر بۆ دیاردەو دەرکەوتەکان، دەکرێ بە ناوی رەخنەوە خۆت لە بەرپرسیارێتی بدزیتەوە؟ ئاخۆ لە سێبەری میتۆدەکانی رەخنەدا بەسە کە دیوە ناشیرینەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگا ببینی بەبێ ئەوەی چاوت دیوەکی تریشیان ببینێ، یان هیچ نەبێت ئەو میکانیزمانە بخەیتەڕوو، کە ئومێدی جوانکردنەوەی ناشیرینییەکانی لێ دەکرێ؟ ئایا چەمکی رەخنەو مەدلوکەی مافی ئەوەت پێ ڕەوا دەبینن لەسەر چییەتی و چۆنیەتی ئەرك و بەرپرسیارێتی کەسێك لە شوێن و پۆستی کارەکەیدا باز بدەیت و دەست بخەیتە وردەکارییەکانی ژیانی کەسی و تایبەتی خۆی؟ ئاخۆ لە نێوان رەخنەو خۆبەتاڵکردنەوەدا سنورێك هەیە، یان بە مانایەکی دی تاڵە مووێك رەخنەو خۆبەتاڵکردنەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە؟. لە کوێدا رەخنەو خۆبەتاڵکردنەوە لێك دادەبڕێن؟

ئەوانە کۆمەڵێك پرسیاری جددین، کە پێویستە کاراکتەرەکانی نێوەندی راگەیاندن و رۆشنبیری لە خۆیانی بکەن، بەر لەوەی لە دەرەوەی خۆیان ئاراستەیان بکرێ، چونکە ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتییە ئەخلاقییەی لە ئاست خوێندنەوەی دیاردەو دەرکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێتە ئەستۆی نووسەرێك، یان رۆژنامەنووسێك ئەوەی لێدەخوازێت، کە لە ناوەوەی خۆیدا.. لە دەربڕین و گوزارشتیدا.. لە ویژدانیدا خود سانسۆرێك بخاتە سەر خۆی، ئەو سانسۆرەش نەك بە مانای سڵەمینەوە لە گوتنی راستی و ترسان لە دەربڕینی شتەکان و نەوێران لە پەنجە خستنە سەر خەوشەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگا، بەڵکو بەو مانایەی لە ڕێگەی ئەو خود سانسۆرییەدا بکارێ ڕێز لە ئازادی ئەوانەی قسەیان لەسەر دەکات بگرێ و سنوری مافە کەسی و مەعنەوییەکانیان نەبەزێنێ، وەك چۆنن ئاوا نیشانی وەرگریان بدات، نەك بە گوێرەی حوکمێکی پێشوەختەو رەها، کە تەنها بۆ خۆی باوەڕی پێیەتی و پێشتر لە زەینی خۆیدا وێنای بۆ کێشاوەو بریاریداوە وای ئایش بکات و قسەیان لەبارەوە بکات، بە مانایەکی تر ناکرێ وەزیفەو کاری کەسێك و کەمتەرخەمی و خەمساردی ئەو کەسە لەکارو بەرپرسیارێتییەکانیدا لەگەڵ کەسایەتی خودی کەسەکە تێکەڵ بکرێ، واتە پێویستە قسە لەسەر سروشتی کارەکەو ئەو ئەرکەی لەمیانی راپەڕاندنا دەکەوێتە ئەستۆی کەسەکە قسە لەسەر خەوش و هەڵەو کێماسییەکان بکرێ، نەك لەلایەنی کەسایەتی کەسەکە خۆی، کێیەو مندالی کێیەو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەو رەفتاری چییە.. ئەوانە شتگەلێکن ئەگەر کاراکتەری راگەیاندن، یان باشتر بڵێین ڕۆژنامەنووس لە میانی پرۆسەی رەخنەگرتن خستنیە چوارچێوەی قسە لەسەرکردن دەستدرێژییە بۆ سەر بەهاو مافی کەسێتی ئەو کەسەو زێدەتریش خوێندنەوەکە، یان رەخنەگرتنەکە ئاراستەیەکی ناڕاست و وردەگرێ و خاڵی دەبێت لە لۆژیکی رەخنە خۆی و زۆرجار وا ڕێك دەکەوێ بچێتە خانەی دڵڕەشی و قین، کە کەسی رەخنەگر لە ڕێگەی بەناو رەخنەوە، ئەو کەفوکوڵ و هەڵچوون و گلەییە خودییانە خۆی لە ئاست بەرامبەرەکەی بەتاڵ دەکاتەوە، بەم پێیەش لەو دۆخەدا دەکەوینە نێو دوو ئاراستە، دوو تێڕوانین، دوو دوانەی جیاوازو دژ بەیەك لەلایەنی بەهاو ناوەڕۆك و بەرپرسیارێتی، کە یەکێکیان پرۆسەی رەخنەو ئەوەی دیکەیان غەریزەی خۆبەتاڵکردنەوەیە، بەڵام هەموو ئەوانەش بەو مانایە نایەن کە لێرەدا رەوایی بەو پاساوە بازاڕی و چەمکە سواوە بدەین، کە هەندێك کەس و نێوەندو دەزگاو کایە بۆ خۆدزینەوەو ناشیرینکردنی وەزیفەی نووسێ هەرزانفرۆشی دەکەن، کە ئەویش رەخنەی بونیادنەرو رەخنەی تێکدەر.. یان زانستی و روخێنەرن، چونکە شتێك هەیە پێی دەگوترێت، رەخنەو ئیدی تەواو، کە لە پشتییەوە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی پیشەیی و ئەخلاقی، هاوکات لۆژیك و مەعریفەو ئەرگۆمێنتی بابەتی هەیەو تەنها ئامانج و مەبەستیشی بەرهەمهێنانی بەهای نوێ و جوانتر و هۆشیارییەکی تەندروستە.

هەموو ئەو شتانەمان بۆیە لێرەدا خستنەڕوو، لەبەر ئەوەی کەسی چاوەڕێ لە بواری راگەیاندن، لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لە نێو ئەو زۆرو بۆرییەی قەڵەم بەدەستان، کە زۆربەیان رستەیەکی واتاداریان لەبارەی رەخنە نەخوێندزتەوەو ئەلفوبێیەك چییە لە بارەی پەیام و وەزیفەی نووسین نازانن و چش لەوەی لە دونیای بەربەرینی راگەیاندن و رۆژنامەگەریدا هەژارو دەستەپاچەن و ئێستا هاتوون ناوێکی زلی بەناو نووسەرو رۆشنبیرو رۆژنامەنووسییان بەخۆیانەوە لکاندووە، کە لەمەشدا گەرەلاوژێی چاپەمەنییەوە زۆرو بۆرەکان بە رۆڵی خۆی زەمینەیەکی لەباری بۆ دەرکەوتنی ئەو دیاردەیە رەخساندووە، بە جۆرێك زۆرجار هەست دەکرێ وەرگر بێز لە راگەیاندنی کوردی بکاتەوە (ئەوەیان رایەکی رەها نییەو حوکمێکی پێشوەختە نییە لەسەر کۆی کاراکتەرو تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن لە کوردستاندا) هەموو ئەوانە وایانکردووە لە پانتاییەکانی میدیادا جوێن و سوکایەتی پێکردن و وڕێنەو موهاتەرات و خۆبەتاڵکردنەوە شوێنێکی بەهاو ناوەڕۆك و بەرپرسیارێتی، کە یەکێکیان پرۆسەی رەخنەو ئەوەی دیکەیان غەریزەی خۆبەتاڵکردنەوەیە، بەڵام هەموو ئەوانەش بەو مانایە نایەن کە لێرەدا رەوایی بەو پاساوە بازاڕی و چەمکە سواوە بدەین، کە هەندێك کەس و نێوەندو دەزگاو کایە بۆ خۆدزینەوەو ناشیرینکردنی وەزیفەی نووسێ هەرزانفرۆشی دەکەن، کە ئەویش رەخنەی بونیادنەرو رەخنەی تێکدەر.. یان زانستی و روخێنەرن، چونکە شتێك هەیە پێی دەگوترێت، رەخنەو ئیدی تەواو، کە لە پشتییەوە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی پیشەیی و ئەخلاقی، هاوکات لۆژیك و مەعریفەو ئەرگۆمێنتی بابەتی هەیەو تەنها ئامانج و مەبەستیشی بەرهەمهێنانی بەهای نوێ و جوانتر و هۆشیارییەکی تەندروستە.

هەموو ئەو شتانەمان بۆیە لێرەدا خستنەڕوو، لەبەر ئەوەی کەسی چاوەڕێ لە بواری راگەیاندن، لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لە نێو ئەو زۆرو بۆرییەی قەڵەم بەدەستان، کە زۆربەیان رستەیەکی واتاداریان لەبارەی رەخنە نەخوێندزتەوەو ئەلفوبێیەك چییە لە بارەی پەیام و وەزیفەی نووسین نازانن و چش لەوەی لە دونیای بەربەرینی راگەیاندن و رۆژنامەگەریدا هەژارو دەستەپاچەن و ئێستا هاتوون ناوێکی زلی بەناو نووسەرو رۆشنبیرو رۆژنامەنووسییان بەخۆیانەوە لکاندووە، کە لەمەشدا گەرەلاوژێی چاپەمەنییەوە زۆرو بۆرەکان بە رۆڵی خۆی زەمینەیەکی لەباری بۆ دەرکەوتنی ئەو دیاردەیە رەخساندووە، بە جۆرێك زۆرجار هەست دەکرێ وەرگر بێز لە راگەیاندنی کوردی بکاتەوە (ئەوەیان رایەکی رەها نییەو حوکمێکی پێشوەختە نییە لەسەر کۆی کاراکتەرو تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن لە کوردستاندا) هەموو ئەوانە وایانکردووە لە پانتاییەکانی میدیادا جوێن و سوکایەتی پێکردن و وڕێنەو موهاتەرات و خۆبەتاڵکردنەوە شوێنێکی زۆر وبەناوی رەخنەو ئازادی رادەربڕین و دیموکراسییەت داگیر بکەن، کە ئەمە بەر لەوەی زیان بە کەسێك.. کایەیەك.. دەزگایەك بگەیەنێ، ئەوا پێش هەموویان زیان بە خودی پرۆسەو وەزیفەو پەیامی نووسین و بە بەهای وشەو کەسایەتی و بەرپرسیارێتی نووسین دەگەیەنێ و لە پێش چاوی وەرگردا ناشیرینیان دەکات.

دیارە ئەم رەوشەش بەلای خۆیەوە پێویستی بە چارەسەری هەیەو ئەرك و بەرپرسیارێتی یەکەمی ئەوەش دەکەوێتە ئەستۆی خودی نێوەندی رۆشنبیری و راگەیاندن، مەبەست ئەوانەی کە ئەهلی راستەقینەو خاوەنی کێشەکەن و خۆیان لە ئاست لەکەدارکردنی وشەو وەزیفەو پەیامی نووسین بە خاوەن و بەرپرسیار دەزانن و ڕێز لە هەستی بینین و بیستنی وەرگر دەگرن و دەیانەوێ لە گواستنەوەی واژەو گوزارەکاندا چێژێکی جوانیان پێ ببەخشن و هۆشیارییەکی تەندروست بەرهەم بێنن، دەستپێکی ئەو ئەرکەش لەوێدایە، کە ئەو نێوەندو دەنگانە لە ئاست ئەو بێسەروبەرییە (ئەگەر بتوانین ناویشی لێبنێین بەڕۆلایی) بێدەنگ نەبێ و لە شوێن و کاتی خۆیدا قسەی هەبێت و ئەلتەرناتیڤ بخاتەڕوو، ئەگەر رووی ئەوانەیشی پێ سپی ناکرێتەوە، کە وەك مۆرانە بە جەستەی نووسان و ناشیرینی دەکەن، باشترە کە رووی خودی نووسین و وەزیفەو پەیامەکە لە بەردەم وەرگردا سپی بکاتەوەو هاوکارو هاندەری وەرگربێت، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەویش رەش و سپی لە یەکتر جیابکاتەوە، چونکە بەش بە حاڵی خۆم هەرگیز لەگەڵ ئەو رایەدا نیم، کە گوایە ئێستا وەرگری کورد (خوێنەر.. بینەر.. بیسەر) نێو دێرەکان و لاپەڕەی سپی دەخوێنێتەوە، چونکە ئەگەر وابوایە رەوشەکە بەو ئاقارەی ئەمڕۆی نەدەگەیشت، کە دەیبینین، بەم پێیەش خودی وەرگ خۆیشی بەشێکی بەرپرسیارێتی و ئەرکی لە راستکردنەوەی ئەو بارە لاسەنگە دەکەوێتە ئەستۆ، هەر هیچ نەبێت بزانێ چی و چۆن دەخوێنێتەوەو لەسەر چ بنەمایەکەوە بڕیار لەسەر چییەتی خودی ئەو شتە دەدات، کە دەخوێنێتەوە، یان دەیبیستێ، یان دەیبینێ!!

فەرهەنگی ڕێگا

ئەلتەرناتیڤ (هاوجێ)

Alternative

لەفەرهەنگە رامیاریەکاندا ئەم زاراوەیە بەواتای هاوجێ یا جێگرەوە یاخود ڕێگاچارەی دیکە لێکدراوەتەوە.

لەململانێی سیاسی نێوان پتر لەحزب و لایەنێك یا نێوان چەند حزب و گرووپێکی سیاسی لەگەڵ حکومەتدا ئەو حزبەی کە ئامانجەکانی مایەی پەسندی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەو بە ئۆپۆزسیۆنی حکومەت دادەنری بۆ خەڵك بەڕێگاچارەکی تر، یان ئەلتەرناتیڤ لەقەڵەم دەدرێت.

بەوتەیەکی تر ئەلتەرناتیڤ بریتییە لەوەی کە بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێکی کۆمەڵایەتی ڕێگاچارەکی دیکە لەبەردەم کۆمەڵگەدا هەبێت.

لەکاروباری سیاسیشدا هەروەك ئامازەی پێکرا، ئەلتەرناتیڤ بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگاچارەکی دیکە کە لەبەردەم خەڵکەدا هەیە، یاخود هەڵبژاردنی تاکە گرووپێك یان حزبێکی ئۆپۆزسیۆنە بۆ ڕووخاندن ئەو سیستەمە دەسەڵاتدارەی کە بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵەو زۆربەی خەڵکەوە نەفرەتی لێدەکرێ.

***بەسوود وەرگرتن لە فەرهەنگی رامیاری (نیکا) ئامادەکراوە کە لە ئامادەکردن و وەرگێڕانی (ئازاد وەڵەدەبەگی)یە.**

خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ عەقڵیەتی سەدامیزم لەبەر ڕۆشنایی نامە ماڵئاواییەکەیدا

محەمەدی مشیر

لە سێدارەدانی سەدام رووداوێکە لە مێژووی سیاسی هاوچەرخی عێراقدا کەم وێنەیە، لەبەر ئەوەی بە درێژایی ئەو مێژووە، یەکەم: لەوەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ەوە تا رۆژی دەستگیرکردنی خودی دیکتاتۆرو دادگاییکردنی و دواتر لە سێدارەدانی، هیچ سەرۆك حوکمەتێك بەم شێوەیە دادگایی نەکراوەو لە دەرەنجامی دادگاییکردنەکەشیدا سزای لە سێدارەدانی بەسەردا نەسەپێنراوە.

دووەم: بە درێژایی ئەو مێژووە هەموو ئەوانەی بەر لە سەدام لە عێراقدا دەسەڵاتیان بەدەستەوەبووە، لەلایەن هێزەکانی ناوخۆی عێراقەوە لەسەر کورسی حوکم لادراون جا چ لە ئەنجامی راپەڕین و شۆڕشی گەلانی عێراق بووبێ یان لە ئەنجامی کودەتای سەربازییەوە، بەڵام سەدام راستەوخۆ لەلایەن هێزی نێودەوڵەتییەوە لەسەر حوکم لادراو بەو ئاکامە گەیشت.

سێیەم: هیچ سەرۆك حکومەتێك بەر لە حوکمی بەعس فریانەکەوتووە نامەی ماڵئاوایی بۆ عێراقییەکان بنووسێ، بەڵام سەدام دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا.

بەهەرحاڵ گرنگ خودی نامەکە نییە، بەڵکو گرنگتر سەرنج راکێشتر ئەوەیە کە چی لە نێو ئەو نامەیەدا نووسراوە؟ لەو نامەیەیدا کە ماڵپەڕی بەسرە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە ٢٨/ ١٢/ ٢٠٠٦ بڵاویکردۆتەوە هاتووە:

١-سەدام گەلی فرە رەنگی عێراق لە رووی تایفەو نەژادەوە هاندەدات کە "ببنە ئموونەی خۆشەویستی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان" سەیر لەو راسپاردەیەی سەدامی لە سێدارەدراو لەوەدایە کە عێراقییەکان هیچ رۆژێ بەر لە حوکمی رەشی ئەو نەیانزانیوە تایفەو نەژاد یانی چی و، هیچ کاتێکیش پێشتر وەك سەردەمی حوکمی ئەو خەڵکانی عێراق لەسەر بنەمای مەزهەبو نەژاد رقیان (ئەگەر هەشبووبێ) نەگەیشتۆتە ئاستی بیرکردنەوەی بەرتەسکی شۆڤێنیستانەو بە پێچەوانەوە زۆر بەپێزو خۆشەویستی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەوە ژیانیان بەسەربردووە، بەڵام سەدام لە هزری نەخۆشیدا لە دراین ساتەکانی بەر لە مەرگیدا دەیەوێ وانیشان بدات کە ئەو جەنگە تایفەییەی کە ئێستا لە عێراقدا بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە هیچ پەیوەندییەکی بە ماوەی حوکمرانی دیکتاتۆریانەی ئەوەوە نەبووەو بەکن فەیەکونێك دوای رووخانی رژێمەکەی سەریهەڵداوە، بۆیە بە باشی زانیوە وەك "قائد الامە" پەیامێك بۆ رۆڵە خێر لە خۆ نەدیوەکانی عێراق بەجێ بهێڵێت و ئامۆژگارییان بکات بەوەی لەگەڵ یەکدا تەباو لێبوردەبن!

٢-لە بڕگەیەکی تری نامەکەیدا هاتووە ئامۆژگاری ئەو تێڕێریستانە دەکات کە بە "مجاهدین ومناضلین" ناویان دەبات و دەڵێ "رق هەڵمەگرن، چونکە رق دەرفەت بۆ خاوەنەکەی ناهێڵێت تا عادیلانە بیر بکاتەوەو، هزرو تێفکرین کۆر دەکات و، پەنجەرەکانی بیرکردنەوە دادەخات.." قسەکەی زۆر راستە، بەڵام کورد گوتەنی قەسدی شەریف نییە، ئەگەرنا دونیاو قیامەت دەیزانێ (رق) یەکێ لە بۆماوە هەرە شوومەکانی رژێمە شۆڤێنیستەکەی ئەوە کە بۆ عێراقییەکان ماوەتەوەو ئێستاکە وەك دەرەنجامێك بارودۆخی عێراق و ژیانی عێراقییەکانی کردۆتە دۆزەخ.

٣-لە دواین بڕگەکانی نامەکەیدا سەدام داوا لە گەلی عێراق دەکات کە "رقیان لە گەلانی ئەو دەوڵەتانە نەبێتەوە کە دەستدرێژییان کردۆتە سەر عێراق، جیازاری بکەن لە نێوان کەسانی بڕیاردەرو گەلانیان..).

یەکێ نەزانێ باوەڕ بەوە دەکات کە ئێران بۆ ماوەی هەشت ساڵ دەستدرێژی کردۆتە سەر عێراق و رژێمەکەی سەدام کە نیازی بوو دوای رووخانی رژێمی شاهەنشاهی لە ئێران ببێتە "پۆلیسی ناوچەکە" هیچ تاوانێکی لەم جەنگە درێژخایەنەدا نەبووە کە جگە لە ماڵوێرانی و کارەساتی مرۆیی هیچی تری پێ نەبوو بۆ عێراقییەکان و تا ئێستاش عێراقییەکان باجی ئەو جەنگەو، جەنگی داگیرکردنی (کوێت) دەدەنەوە کە عێراق و عێراقییانی گەیاندە ئەو دۆخە ئاڵۆزو دۆزەخاوییەی ئێستاکەی.

سەدام دەیەوێ پەرێزی ناپاکی خۆی و رژێمەکەی بەوە پاکبکاتەوە کە گوایە ئەو هیچ رقێکی لە گەلانی ئێران و گەلی کوێت نەبووەو هۆکاری هەڵگیرساندنی هەردوو جەنگیشی لە رقی سەران و بڕیار بە دەستدانی ئەو دەوڵەتانە بووە بۆیە بە ئێرانییەکانی دەگوت "مەجوسی و کیسراییەکان" و "کوێت"یشی لە خۆشەویستی خەڵکەکەی کردە پارێزگاری ژمارە (١٩)ی عێراق تا لە نازو نیعمەتی "القائد الاوحد" بێبەش و مەحروم نەبن!!.

کۆتایی هاتنی سکۆلاریزم

ڕاڵف داهێرن دورف – بەشی وەرگێڕانی ماڵپەڕی هەڵوێست

کاتێك کۆتایی ئیدئولۆژی جەژن دەگیرا - لە سەرەتاکانی ١٩٥٠ وپاشان ١٩٩٠ - کەمتر کەسێك بیری لەوە دەکردەوە کە ئایین، وەك هەوێنی کوشتنی سیاسەت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، دیسان بەتەواوی هێزەوە هەمان دەور بگێڕێتەوە. "دانیەل پۆل" و "ڕەمۆند ئارۆن" سەبارەت بە کۆتایی هاتنی ئیدئولۆژیی فاشیستی و شکستی سۆڤیەت بەو هیوایەتەوە بابەتیان دەنووسی کە ئێمە پاش نەمانی ئەو چەمکانە بێ دەنێنە سەردەمی پراگماتیزمەوە، سەردەمێك کە سیاسەت بابەتێك دەبێت لە سەر بەڵگە و وتوێژ، نەك باوەڕ و ڕووانگەی فاناتیکانە. ڕووانگەی "کارڵ پۆپێر" لەمەڕ سیاسەت، واتا ڕووانینێك لە سەر بنەمای ئەقڵ و گوتاری ڕەخنەگرانە سەرکەوت. بەڵام کاتێك پاش شکستی سۆڤیەت، کۆتایی هاتنی مێژوو نێزیك دەبینرا، وا بیر دەکرایەوە کە سیاسەتی هەڵقوڵاو لە سەر بنەمای ئیدئولۆژی بۆ هەمیشە ماڵئاوایی کردووە.

بەڵام کۆتاییەك بۆ مێژوو بەدی ناکرێت و بە ڕەدەوام ڕووبە ڕووی ڕووداوی سە ڕسووڕهێنەر و باوەڕنەکراومان دەکات.کتێبی "کۆتایی مێژوو" لە نووسینی فرانسیس فۆکۆیاما و "هەڵسوکەوتی شارستانییەتەکان" نووسینی ساموئیل هانتینگۆن لە دەیەی ٩٠ و لە نێوان سێ ساڵدا بڵاوکرانەوە. دەسڵ پاش ئەو کتێبانە، ئەو ڕاستییە کە دین بۆ سیاسەت گەڕاوەتەوە لە هیچ کەس شاراوە نەبوو. ئەوە کێشەیەك بوو کە بۆ زۆرکەس لە ئیمە مایەی عەزاب و ڕەنج بوو.

ئەو کتێبانە تەنیا گوتارێکی ئاکادمێك کە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکان نەبوون. لە سەردەمێکدا کە دین و مەزهەبە "ڕێگا لێ ونبووەکان"ی دامەزراو لە سەر ئیدئولوژیی سێکتارستی گڵۆلەیان کەوتبووە لێژی، دینە ڕاستەقینەکان-لانی کەم لە ڕووالەتدا- ماوەیەکی زۆر بوو کە مەیدانی سیاسەتیان بەجێ هێشتبوو. لە هێندێك لە وڵاتان پێبەند بوونی فەرمی بە ئایین تا ئاستی هێندێك نیشانە و ڕێورەسم دابەزیبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کاتێك کە سەرۆك کۆماری ئەمریکا بە هەر مەزهەبێکی دینی مەسیحەوە، سوێندی ئەمگناسیی خۆی ئاراستەی خودا و وڵاتەکەی دەکرد، کەس لای سەیر نەدەبوو و بە شتێکی ئاسایی لەقەڵەم دەدرا. لە "وێست مینستێر" (پەرلەمانی بریتانیا) هەر کۆبوونەوەیەك بە سەرپەرشتی وتەبێژێکی پەرلەمان کە دەتوانێ مەسیحی، جوولەکە یا بێ دین بێت بە خوێندنەوەی دۆعا و ڕێورەسمی ئایینی مەسیحی دەسپێدەکات. هەموو دیموکراسییەکان لە سکۆلاریزمە فەرمی یەکانیاندا وەك وڵاتی فەرەنسا توند و تۆڵ نایگرن، بەڵام هەرچی بێت هەموویان سێکۆلارن، یاسا لەلایەن خەڵکەوە (سەربەخۆ لە دەسەڵات) پەسەند دەکرێ نەك بەهۆی تاکە کەسێك یا دەسەڵاتێکی ئاسمانییەوە.

ئێستا ئیتر ئەو پێبەند بوونە بە سکۆلاریزم ئەوەندە ڕوون و بەرچاو نییە. خەڵکانی مەزهەبیی بناژۆ (فاندامنتالیست-هەڵوێست) ئیدیعای ئەوە دەکەن کە یاسا دەبێ لە زاتێکی پاکەوە سەرچاوە بگرێ یا لەسەر بنەمای دینیەوە دامەزرابێت. بناژۆ مەسیحییەکان لە ئەمریکا ئێستا دەستیان بەسەر بەشێکی گەورەی پارتی کۆماریخوازدا گرتووە. لە ئەوروپا "ڤاتیکان" بەمەبەستی بە کار هێنانی وشەی "خودا" لە پێشەکی یاسای بنەڕەتیی یەکێتیی ئەوروپا بزەختی خستووەتە سەر نوێنەرانی پەرلەمانی ئەوروپا. ئیسرائیل ماوەیەکی زۆرە لە ڕێکخستنی یاسایەکی بنەڕەتی خۆ دەبوێرێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە هاوڵاتیانی سێکۆلار وهەمی ئەوەیان هەیە کە جوولەکە بناژۆکان (ئورتودۆکس) بایەخ و پێوەرەکانی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن.

شەریعەت واتا یاسای ئیسلامیش بە دواکەوتووانەترین خوێندنەوە و دەربڕینەوە لە دیموکراسی گەلێکی وەك نایجیریا (باسی ئێران جیاوازە) تێکەڵی ژیانی سیاسی بووە.

بناژۆیی ئیسلامی ئێستا دزەی کردووەتە نێو هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەشێکی موسوڵمانن. بەڵام بۆچێ دین و مەزهەب گەڕاوەتەوە نێو ڕێبازەکانی سێکۆلار و دیموکراتیکەوە؟ ڕەنگە هۆی سەرەکی ئەوەبێ کە ئەو وڵاتانەی کە پێبەندی ئەندێشەی وشیارگەرانە بوون ئێستا لەسەر بایەخەکانی خۆیان تووشی دوودڵی یا بەخۆدا چوونەوە هاتوون. بەشێوەیەك کە چەشنێك "نێسیی‌گەرایی" ئەخلاقی لەم وڵاتانەدا سەری هەڵداوە کە بووەتە هۆی ئەوە کە تابوەکانی هەموو دینەکان لە ژێر ناوی سەبووری و کۆمەڵگەی چەند کولتوورە (فەرهەنگ)ی بەسەر کۆمەڵدا بسەپێندرێت.

پێش بە بڵاوبوونەوەی کاریکاتۆرەکانی پێغەمبەری ئیسلام گیرا، لە بەرێوەچوونی ئوپێرای Idomemeو لەبەرهەمی موتزارت پێشگیری کرا بۆ ئەوەی پێش بە بریندار بوونی هەستی ئایینی بگیردرێت. بەڵام کاتێك ئەو کاریکاتۆرانە بڵاو بوونەوە و ئوپێرای ناوبراو نمایش کرا، زنجیرە خۆپیشاندان گەلێك بەرێوە چوون کە مەبەستی ئەوانیش بریندار کردنی هەستی ئینسانەکان بوو.

تێگەیشتنی ئەوە ئاسانە کە بۆچی موسوڵمانە ڕۆشنبیرەکان ،کە لە وڵاتانی ئیسلامیدا کەم نین ، خەم دەخۆن کاتێك دەبینن ئەو دونیایەی کە تێدان ئەوەندە شێواوە.

گەڕانەوەی دین بۆ دونیای سیاسەت و بەگشتی گەڕانەوەی (دین) بۆ ژیانی ڕۆژانە ، هاتنەکایەی بەرهەڵستێکی گەورەیە لە بەرانبەر دەسەڵاتی قانوونیدا کە بە شێوەی دیموکراتیك پەسند کراوە و هەروەها دژایەتی کردنی ئەو مافە مەدەنییانەیە کە بۆ ئەو یاسایانە پێویستن. بۆیە دژکردەوەی ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان لەم ڕووەوە جێگەی بایەخ و سەرنجن. ئەوەی کە ئێستا کەلك وەرگرتن لە نوێنگەکانی دین بوونەتە باسی ڕۆژانە ، بەگشتی ڕەنگە بەقازانج بن. گەرچی بە باوەڕی من گەر ژێنك لەچك بەسەرا بدات یا تەنانەت لە سەرپۆش و پێچە کەلك وەر بگرێت، مافی خۆیەتی و، ئەوکارە هەر ئەوەندە بە کەلك وەرگرتن لە ئازادییەکانی تاك حیساب دەکرێت کە جوولەکەیەك "کڵاوی شەو" لە سەر بنێ یا مەسیحییەك خاچ ی پێ ببێت.

بەڵام جیا لەوانەش کێشەی گرینگتریش لە ئارادایە. کە پێش هەموو شت ئازادیی دەربڕینە. وەك ئازادیی قسەکردن و نووسین. (مەبەست لە نووسین) ئەو نووسینانەیە کە هێندێك لایەن دەرەنجێنێت "یا تەنانەت تووڕە دەکات. ڕادە و سنووری ئازادی بەیان و دەربڕین، بەهۆی وتار و مەبەستی ڕۆشنگەرانەوە ، دەبێ تا دەکرێ و دەگونجێ بەرین و کراوە بێت. لە جیهانی ئازاددا خەڵك ناچار بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکی تایبەت، یا گوێدان بە قسە و لێدوانێك کە حەزی لێ نییە ، ناکەن. ئەو خەڵکە دەتوانن لە کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆدا بێ ترس و وەهم دژایەتیی ئەوە بکەن کە کاربەدەستانی حکوومەت باسی لێ دەکەن.

ئەم دژی ڕۆشنگەرییە کە ئەمڕۆ بووەتە باو دەتوانێ بە ئاسانی لە کونترۆڵ دەربچێ . ئەو کەسانەی کە لە ئاست ئازادی دا هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن ، دەبێ فێر بن کە چۆن نرخی ئازادی بزانن و پارێزگاریی لێ بکەن، بۆ ئەوەی مەجبوور نەبن بۆ گەیشتنەوە بەو ئازادیە بەشداریی شەڕێکی وێرانکەر و ڕاستەقینە بکەن.